# The role of the magazine “Zarkurmanji” in the development of Kurdish journalism in Erbil province (1926-1932)

**Magded Khdir Sapan**
Department of Media, college Arts, Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.48*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*Zarkurmanji was published in Rwandz between 1926 and 1932. It was the first Kurdish magazine in the Erbil province and one of the richest Kurdish magazines published in the Kurdish language before the 1991 uprising. Of course, other magazines were published in Kurdistan during this period, but only Hussein Huzni Mukriani opened the door to the issues that were necessary for Kurdistan, including: education in Kurdish, opening schools in Kurdish villages and paying attention to cultural aspects. As well as writing history in Kurdish, raising awareness in society from oppression and subjugation and the struggle for an equal and educated society, etc. Hussein Huzni could not follow any old structure when publishing his magazine and had to invent the wheel for printing magazines in the province. We can say that most of the articles and the journalism used when creating Zarkurmanji are new inventions, not only in the province of Erbil but in the history of Kurdish journalism. One of the most obvious reasons why Zarkurmanji remained at such a high level in the eyes of readers and experts is the layout of the magazine. Where a sketch, a pattern or a picture was needed, he made it with his own hands, prepared it and decorated the magazine with it. In fact, in the history of Kurdish journalism, there has never been a Kurd who had as much expertise in several professions as Hussein Huzni Mukriani, he was a writer, poet, storyteller, historian, journalist, editor, printer, woodcutter and photographer. As Hamilton said, Huzni wrote his own speeches and news, arranged the letters, printed them, cut them, bound them by hand, published them among the people and sent them to Kurdish scholars abroad, which was very rare and unique in the whole world.*
*This research is the first time someone takes a deeper look into “Zarkurmanji” titled: (The role of the magazine “Zarkurmanji” in the development of Kurdish journalism in Erbil province - 1926-1932). Researchers should write a book on it and analyze its contents so that the new generation can benefit from the beautiful and rich experience of Hussein Huzni Mukriani. In this paper, the problems of the late publication of the magazine "Zarkurmanji" were opened. In addition to the above, the role and importance of Zarkurmanji magazine in the development of Kurdish journalism in general and the Erbil province in particular was discussed.*
***Keyword***: *Magazine, Zar-Kurmanji, Printing House, Ruandz, Sayed Hussein Huzni Mukriani*

# ڕۆلی گۆڤاری (زارکرمانجی) لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پارێزگای هەولێر (١٩٢٦ - ١٩٣٢)

پ. ی. د. مەغدید خضر ئەحمەد سەپان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
magded.sapan@su.edu.krd

**پوختە**

گۆڤاری "زارکرمانجی"، لە نێوان سالانی (١٩٢٦ – ١٩٣٢) لە شاری ڕواندز (٢٤) ژمارەی لێدەرچووو، جگە لەوەی یەکەم گۆڤار و چاپەمەنیی لیوای هەولێرە، یەک لە گۆڤارە هەرە دەوڵەمەندەکانی کوردیشە، کە هەتا پێش ڕاپەڕین (١٩٩١) بە زمانی کوردی لە کوردستان دەرچووبێت. بێگومان گۆڤاری دیکە لەو ماوەیە لە کوردستان دەرچوونە، بەڵام کەس وەک مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، لە دەرگای ئەو بابەتانەی نەدا، کە بۆ ئەو سەردەمی کوردستان و هەتا ئێستاش زۆر پێویستن و هەنوکەیی خۆیان لەدەستنەداوە، لەوانە: خوێندن بە زمانی کوردی، کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکانی کوردستان، بایەخدان بە لایەنی فەرهەنگی، نووسینەوەی مێژوو بە زمانی کوردی، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ لە چەوسانەوە و ژێردەستی، خەبات بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان و خوێندەوار...هتد.

بۆ مامۆستا حوسێن حوزنی هیچ یارمەتی و ڕەچێتەیەکی ئامادەکرا و پێشوەختە لە پارێزگای هەولێر نەبوو، هەتا لە دەرکردنی گۆڤارەکەی لەسەری بڕوا و لاساییبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" دەبیندرێت و دەخوێندرێتەوە، زۆرینەی بابەتەکان، نەک تەنیا لە ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر، بەڵکو لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیش دەگمەن و داهێنانی تازەن. یەک لەو هۆ بەرچاوانەی گۆڤاری "زارکرمانجی"ی بەو ئاستە بالایە، لە چاوی خوێنەر و پسپۆران هێشتەوە، نەخشەسازیی گۆڤارەکەیە، کە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، جگە لە نەخشی سەربەرگ، زۆر لە سەردێڕەکانیشی بە دەست نووسیوە و لەسەر گوتار و شیعر و بابەتەکانی داناوە، هەروەها ئەگەر لە شوێنێک هێلکاری، نەخش یان وێنەیەک پێویست بووبێت، ئەویشی بە دەست و قەڵەمی خۆی کێشاویە، لەسەر داری تاشیوە، ئامادەی کردوە و گۆڤارەکەی پێ ڕازاندۆتەوە.

لە ڕاستیدا، لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەتا ئێستا، کوردێک پەیدانەبووە، وەک مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە زۆر بوار شارەزایەکی زۆری وەک: نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس، مێژوونووس، ڕۆژنامەنووس، موحەریر، هەڵچن، چاپچی، کۆلێن و نووسین لەسەر دار، وێنەگر، هونەرمەند، داهێنەر...هتد هەبووبێ و وەک هامیلتۆن گوتەنی، بەخۆی گوتار و هەواڵەکانی دەنووسی، پیتەکانی ڕێکدەخست، چاپی دەکرد، دەرزی لە گۆڤارەکەی دەدا، دەیبڕی و ڕێکی دەخست و بەناو خەڵک بڵاویدەکردەوە و بۆ کوردناسەکانی دەرەوەشی دەنارد، بۆیە نموونەیەکە نەک تەنیا لەناو کورد، بگرە لە هەموو جیهانیش زۆر دەگمەنە و هاوتای نییە.

لەدوای لەچاپدانەوەی سەرجەم ژمارەکانی "زارکرمانجی" لەلایەن د. کوردستان موکریانی و نووسینی پێشەکیەکی تێر و جوان لە ساڵی (٢٠٠٢)، جاری یەکەمە توێژینەوەیەکی لەو جۆرە بە ناوی: **(ڕۆڵی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پارێزگای هەولێر – ١٩٢٦ – ١٩٣٢)** بنووسرێ، کە بێگومان جێگای داخە، ئەم گۆڤارە "زارکرمانجی" بەو ناوەڕۆکە دەوڵەمەند و بەو دیزاینە جوانە، کورد نەیتوانوە توێژینەوەی لەسەر بکات، کتێبی لەسەر بنووسێت و ناوەڕۆکی شیبکاتەوە و ساغبکاتەوە هەتا نەوەی نوێ، سوود لەو ئەزموونە جوان و دەوڵەمەندیەی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی وەربگرن.

لەو توێژینەوەیە بە وردی و پوختی باس لە ناوەڕۆک و نەخشەسازی و پشتگیری و یارمەتیی سەید تەها ئەفەندی (قایمقامی ڕواندز ١٩٢٣ - ١٩٢٨)، هەروەها گرفت و کێشەکانی درەنگ دەرچوونی گۆڤاری "زارکرمانجی" کراوە. جگە لەوانەی سەرەوە، باس لە ڕۆل و گرنگیی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و پارێزگای هەولێریش بە تایبەتی کراوە.

**وشە کلیلیەکان: گۆڤار، زارکرمانجی، چاپخانە، ڕواندز، سەید حوسێن حوزنی موکریانی**

## پێشەکی

مێژوونووسانی کورد و بیانی، شاری هەولێر بە یەک لە شارە هەرە دێرینەکانی جیهان ناودەبەن، لەگەڵ ئەوەش درەنگ چاپخانەی لێدامەزرا و ڕۆژنامە و گۆڤاری لێدەرچوو، بەڵام لەوکاتەی بیر لە حوسێن حوزنی موکریانی دەکەینەوە و بەرهەمی بیرتیژی و دەستڕەنگینیی ئەو دەبینین، تێدەگەین، توانیویەتی زوو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و پارێزگای هەولێر، لە کاروانی پێشکەوتن دوانەخات، نەک هەر ئەوە، مامۆستا توانی گۆڤارێک، بە ناوەڕۆک و نەخشەسازی بە ئەندازەیەک باش و جوان دەربکات، لە سەردەمی خۆی و زۆر دواتریش هاوتای نەبێت.

دەرکردنی گۆڤار بێ پشتیوانیی پێویست، بۆ ئەوڕۆی کوردستان کارێکی گرانە، چونکە کات و بەهرە و توانا و ئیمکانیاتی ماددیی زۆری دەوێت، بۆ پێش نزیکەی سەت ساڵ، زۆر گرانتربووە چونکە، جگە لەوەی ئامێری چاپی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی گچکە و بەدەست و بێ کارەبا کاری دەکرد، پرۆسەی چاپ و دەرکردنی گۆڤاریش زۆر هێواش بووە. لێرە، باس لە هێنانی کەلوپەلی چاپ و کاغەز بۆ شارێکی سەخت و دوورەدەستی وەک ڕواندز هەرناکەین، کە زۆربەی ئەو ژمارانەی لەکاتی خۆی دەرچوونە، لەبەر نەبوونی کاغەز بووە. هەر بۆ نموونە، ژمارە (٨) لە (٢٠ی شوبات) و ژمارە (٩) لە (٢ی حوزەیران) دەرچووە. نێوان ژمارەی هەشت و نۆ نزیکەی سێ مانگ و نیوە. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، ئاگادارییەکی جوان و خەمگین بە ناوی (هیوا) لە ژمارە (٩) لاپەڕە ٢١ بەهۆی دواکەوتنی بەو جۆرەی خوارەوە بڵاودەکاتە:

**//هیوامان هیە کە خویندەوارانی زارکرمانجی خوشەویستەکانمان عذرمان قبول بکەن کەامە بوبە ٣ مانگ کوڤاری زارکرمانجی لە نشرکردن پاش کەوتبو بی قاقەز بو لەپاش هەول تقەلایکی زور قاقەزمان بو گەیشتە کرکوک لە کرکوکیش نزیکی دو مانگان لە خذمت زاتیکی ملت پرور دا قاقەزەکەمان وەدرەنگ خرا و بوی نەناردین تا بەهمتی هیندیک لەخوشەویستانی زارکرمانجی قاقەزەکەمان بو هات امیدەوارین کە لەمەو دوا کوڤاری زارکرمانجی لەوختی خویدادەرکەویت لەسر انتظام دەوام بکات.//**

ئەو ئاگادارییەی سەرەوە، لایەنێکی باسنەکراو و شاراوەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان بە گشتی و شارە دوورەکانی وەک ڕواندز بە تایبەتی پیشاندەدات، کە جگە لەوەی کەلوپەلی پێویست لەکاتی خۆی بۆ گۆڤار ناگات، گۆڤار یان ڕۆژنامە، تێچووی خۆشی ناهێنێتەوە، هەتا کاغەزی زۆر و پێویست لە شاری بەغدا بکرێت.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست، توێژینەوەیەکی شیکاریە، بابەتێکی هەنووکەییە و لە پاش نزیکەی

سەت ساڵ، هێشتا زۆر لە بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە، هەنووکەیی خۆیان لەدەستنەداوە و ئێستاش دەتوانیت خزمەتێکی باش بە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی بکات، چونکە جگە لە لەچاپدانەوەی ژمارەکان و پێشەکیەکی پوخت و جوان لەلایەن د. کوردستان موکریانی، زۆر بە دەگمەن گوتارێک، توێژینەوەیەک، لەسەر گۆڤاری "زارکرمانجی" دەستدەکەوێت. زۆربەی جاریش، ئەو کەسانەی لە شوێنێک یان زیاتر، بە کورتی باسیان لە گۆڤاری "زارکرمانجی" کردوە، پسپۆڕییان لە ڕاگەیاندن نەبووە، بۆیە نەیانتوانیوە، مافی خۆی پێبدەن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی: (**ڕۆلی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پارێزگای هەولێر – ١٩٢٦ – ١٩٣٢**)، لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە. بەشی یەکەم تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوە، کە کێشەی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و گرنگی و ڕێبازی توێژینەوە و کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. لە بەشی دووەم، بە کورتی باس لە: گۆڤاری "زارکرمانجی" و کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی پاریزگای هەولێر و هەڵبژاردنی ڕواندز بۆ دانانی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" کراوە، هەڵسەنگاندن بۆ نەخشەسازی و ناوەڕۆکی تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری "زارکرمانجی" کراوە و بە تایبەتیش لە بوارەکانی: نوێخوازی لە گۆڤاری "زارکرمانجی"، پەیڕەوکردنی لایەنی ئەخلاقی لە گۆڤاری "زارکرمانجی"، بابەتی مێژوویی و ئەدەب و شیعر و چیرۆک و فابولە و ناساندنی کەسانی ناوداری کورد لەوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی، میرانی سۆران، سەرکردە و میرانی شارەزوور و بابان، فاتیمە تەیموری... هتد.

هەر لەو توێژینەوەیە، باس لە هەواڵ و گوتار و مەنەلۆگ لە گۆڤاری "زارکرمانجی" کراوە. باس لە یارمەتی و پشتیوانیی سەید تەها نەهری لە ڕازیکردنی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بۆ نیشتەجێبوونی لە ڕواندز و دانانی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" کراوە. باس لە گرنگیی دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" بۆ پارێزگای هەولێر و کاریگەریی گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر و پێشخستنی ڕەوشی فەرهەنگی لە پارێزگای هەولێر کراوە.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە "میتۆدنامە"

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوەی گرتوە، کە تا چەند گۆڤاری "زارکرمانجی"

کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر بە تایبەتی هەبووە، هەروەها ئەگەر گۆڤاری "زارکرمانجی" لەوکات دەرنەچووبا، ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی بە گشتی و ڕاگەیاندنی شاری هەولێر بە تایبەتی لە چ ئاستێکدا دەبوو، چونکە گۆڤاری "زارکرمانجی" بناغەیەکی ئەستوور و پتەوی بۆ ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر داناوە.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتنە لەوەی تا چەند گۆڤاری (زارکرمانجی) کاریگەریی لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر بە تایبەتی هەبووە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، خوێندنەوەیەکی ورد بۆ تەواوی لاپەڕە و ژمارەکانی گۆڤاری (زارکرمانجی) کراوە.

هەروەها ئامانجی دووەمی ئەو توێژینەوەیە، بەزیندووهێشتنەوە و هەڵوەستەکردنە لەسەر گۆڤارێک، کە بە ناوەڕۆک زۆر دەوڵەمەند و بە نەخشەسازیش، هەتا پێش ڕاپەڕین، کورد لە کوردستان نەیتوانیوە، گۆڤارێک بەو ئەندازەیە جوان و دەوڵەمەند دەربکات، هەروەها هاندانی توێژەرانە، کاری زیاتر لەسەر گۆڤاری "زارکرمانجی" بکەن، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی سەردەم لێیەوە فێری نووسین و پەیڕەوکردنی لایەنی ئەخلاقی و ڕۆژنامەگەریی کوالیتی ببن.

**سێیەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، بۆ کۆکردنەوە و خستنەڕووی داتاکانی، پشتی بە ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک وەک یەک لە ڕێبازە باوەکانی توێژینەوەی بواری میدیا بەستوە.

**چوارەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (زارکرمانجی)، کە بە هەمووی (٢٤) ژمارەی لێ دەرچوو. سامپڵی ئەم توێژینەوەش بریتیە لە تەواوی ژمارەکان، کە بە شێوازی سامپڵی مەبەستدار دەستنیشانکراون.

**ئاستەنگەکانی بەردەم دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی"**

دەرکردنی هەر گۆڤارێک بۆ جاری یەکەم و پێش نزیکەی سەت ساڵ پێش لە هەولێر، بێگومان ئاستەنگی زۆری لەپێش بووە، لەوانە: وەرگرتنی مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤار لە وەزارەتی ناوخۆی

عێراق، دابینکردنی خانوویێک لەگەڵ کەلوپەلی چاپ (مەرەکەب، پیتی کوردی، کاغەز، ئامێری دەرزیلێدان، مقەس، کەتیرە)، کە هیچیان لە شاری هەولێر نەبوون و دەبوایە لە بەغداوە بکڕدرێت و بۆ ڕواندز بهێندرێن، کە لەو سەردەم تازە دەست بە دروستکردنی ڕێگای هەولێر حاجی ئۆمەران (هامیلتۆن) کرابوو، هەروەها هەوڵدان لە خۆبەدوورگرتن لە بابەتی سیاسی، بەبازاڕکردنی گۆڤار، پەیداکردنی کڕیار (ئابۆنەدار)، هاندانی کەسانی خوێندەوار بۆ نووسینی گوتار و ناردنی بەرهەمی شیعریی خۆیان، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەناو جەماوەر و ڕەوانەکردنی بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان... هتد، کە هەر یەک لەوانە، لەبەردەم دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی"، کێشەی زۆر گەورەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، مامۆستا حوسین حوزنی لەماوەی شەش ساڵ توانی (٢٤) ژمارە، بە ناوەڕۆکێکی تێر و بە نەخشەسازییێکی زۆر جوان دەربکات.

**ئاستەنگەکانی بەردەم نووسینی ئەم توێژینەوەیە:**

هەتا ئێستا، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێشتری کوردی، بە خامی (بێ کارکردن لەسەری) ماونەتەوە و توێژینەوەیان لەسەر نەکرایە، کە دەکاتە ئەوەی، ئەزموونی زۆر لەسەر توێژینەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی نین و سەرچاوەی پێویست لەسەر: نەخشەسازی، زمانی نووسین، لایەنی ئەخلاقی، بەرزکردنەی بابەت، دانانی سەردێڕ، هەڵبژاردنی وێنە و نووسینی کەپشن لەژێری، هێڵکاری... هتد بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی نەکراون و توێژەری کورد بۆ ئەوەی بەرهەمێکی نایاب بنووسی، ناچارە هانا وەبەر بەرهەمی بیانی و لە باشترین حاڵەتیش، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپی و پێشکەوتووی جیهان وەربگری. لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، توێژەری کورد، ناچارە کاتی زیاتر بۆ توێژینەوەکەی تەرخانبکات و خۆی زیاتر هیلاک بکات، هەتا توێژینەوەیەکی باش و جوان و تێر و تەسەل بنووسی.

## بەشی دووەم

## گۆڤاری "زارکرمانجی" و کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر

هەڵبژاردنی ڕواندز بۆ دانانی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی"

بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی کوردستان لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم بە گشتی و شاری ڕواندز بە تایبەتی، بە ئاسانی دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە هەڵبژاردنی شاری ڕواندز بۆ دامەزراندنی چاپخانە لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی لەناکاو نەبووە، بەڵکو بە ڕازیبوون و بە بەرنامەیەکی قووڵبووە. بۆ ئەوەش دوو هۆی گرنگ هەبوون، لەوانە:

١ –ئینگلیز لە حوکمڕانیی شێخ مەحمودی حەفید ڕازی نەبووە و ویستوویەتی جێگرەوە بۆ ئەو بدۆزێتەوە و لە هەمووشیان نزیکتر و گونجاوتر بۆ ئەوان، سەید تەهای نەهری بووە. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی نووسیویەتی: سەرە بەهاری ساڵی (١٩٢٣) سەید تاها ئەفەندی نەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەیری لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە کرا بە قایمقامی ڕواندز، بە دەستوورێک کەم کەمە ڕواندز ڕووی لە ئاوەدانبوون کرد. (حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی دووەم، ٢٠١١، ل. ٨٠).

دانانی سەید تەها وەک قائمقامی ڕواندز، زیاتر بۆ دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر و هێزەکانی تورک لە ڕواندز و دەوروبەری بووە، کە شێخ مەحمود پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەبوو. سەید تەها ئەفەندی چاپخانەی من و گۆڤارێکی لە ڕواندز دامەزراند کە گۆڤاری (زاری کرمانجی) بوو. ناردی ماکینەیەکی هەنگوین و ماکینەیەکی جووجەڵە دەرهێنان و کەرەسەتەی ئاوریشمی هێنایە ڕواندز. قوتابخانەیەکیشی بۆ منداڵان دامەزراند. (هەمان سەرچاوەی پێشتر، ل. ٨٠) بەو نووسینەی سەید حوسێن حوزنی موکریانی دەردەکەوی، کە سەید تەها کار و خزمەتی زۆری بە ڕواندز گەیاندیە و قائیمقامێکی بە دەستەڵات و خۆشەویست بووە، بەڵام گۆڤارەکەی قەت نەبۆتە ئۆرگانێکی قائمقامیەت و بە خوێندنەوەشی دەردەکەوی، کە سەید تەها دەستی لە کاروباری مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی و چاپخانە و گۆڤارەکەی وەرنەداوە.

٢ –شاری ڕواندز بۆ ماوەیەکی زۆر پایتەختی میرنشینی سۆران (١٦٤٥ – ١٨٣٨) بووە، کە دەسەڵاتی لە هەندێک قۆناغدا هەتا ناوچەکانی هەکاری و بۆتان و دهۆک و موسل و سلێمانی...هتد، ڕۆیشتوە و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانیش، بە حوکمڕانی میرانی سۆران سەرسام بووە، کە دواتر زنجیرە گوتارێکی نووسی و بە ناوی: (دوری امارات / تأريخ سوران) لە ژمارەکانی: (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤) لە گۆڤاری "زارکرمانجی"ی دابەزاند و دواتریش وەک کتێبێکی سەربەخۆ بە ناوی: (مێژووی میرانی سۆران) چاپیکرد.

**–گۆڤاری "زارکرمانجی":**

گۆڤاری "زارکرمانجی"، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خۆی زۆربەی بەرهەمەکانی نووسیوە، نەخشەسازی بۆ کردوە، چاپیکردوە و بە یارمەتی و پشتیوانیی تەواوی قائمقامی ڕواندز، سەید تەها ئەفەندی دەرچووە.

گۆڤاری "زارکرمانجی" یەک لە گۆڤارە هەرە باش و تێرەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیە، کە لەسەر بەرگی ژمارە یەک نووسراوە: **(سال یکم)، (کۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە)،**

**(ژماره – ١)، صاحب امتیاز و مودیری/ سید حسین مکریانی، مدیر اداره/ عبدالرحمان گیو.**

**بۆ همو چتێک مخابر لەتک ادارەخانه دەکریت. هر آبونه پیشین نەبیت قبول ناکریت/ سالی ١٢ روپیه/ بۆ دروه هر آبونه پۆستەی دیته سر/ تاریخی درکوتنی/ ١٢ی ذی القعیده الحر سالی ١٣٤٤/ چاپ خانه زارکرمانجی له رواندز.**

هەموو ئەو زانیاریانەی پێویستن و دەبێت لەسەر بەرگی گۆڤار و ژمارە یەک هەبن، لێرە هەیە و بە زمانێکی ڕوون نووسراوە. ئەگەر ئەو داتایەی سەرەوە (١٢ی ذی القعیده الحر سالی ١٣٤٤) بۆ زاینی بگۆڕین، دەکاتە ڕۆژی یەکشەمە ٢٣ / ٥ / ١٩٢٦، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەو داتایەش، بۆ دەرکردنی ژمارە یەک دروست نییە، چونکە لە ناوەوەی ئەم ژمارەیە و لە لاپەڕە ٢٦ی ئەم گۆڤارە هەواڵێک بە ناوی: (هاتو وچون) بڵاوکراوەتەوە، بەو جۆرەی خوارەوە نووسراوە: **(٤ ذی الحجه رئیس ارکان حرب عمومی حضرت (هیکنس – ایرکومودون) له گل قماندان طیاره موصل بەطیاره بو تماشا و کیف تشریفیان هینا رواندز شویکی مانەوە).**

ئەو هەواڵەی سەرەوە، ئەگەر ڕۆژ و مانگی کۆچی بۆ میلادی بگۆڕین دەبێتە: (١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٦)، کە پیشانی دەدا، ڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەر بەرگی ناوەوە دروست نییە، بەڵام پێدەچێت، لەو ڕۆژە بەرگی ئەو لاپەڕەیە چاپکرابێت و گۆڤاریش هەمووی لەژێر چاپدا بووبێت، کە ئەوەش بۆ ژمارە (١)ی یەکەم گۆڤاری پارێزگای هەولێر دەبێت بە ئاسایی وەربگیرێ.

**سەر بەرگی ناوەوەی ژمارە یەک (لاپەڕە دوو)**

بۆ خوێنەر زۆر گرنگە لە ژمارە یەک و باشتریش لە سەرەتای ژمارە یەکی هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێک هۆ و ئامانج لە دەرکردنی بنووسرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بەرچاوڕوونیەکی هەبێت، کە ئەو گۆڤارە لە داهاتوو چ جۆرە نووسین و بەرهەمێکی تێدا بڵاودەکرێتەوە و بۆ چ چین و توێژێکیش دەردەچێت. سەید حوسێن حوزنی موکریانی، لە بەرگی ناوەوە زانیاریی پێویستی زۆر بە جوانی لەژێر سەردێڕی: **(زارکرمانجی وشۆنی)** نووسیوە:

**هر چند تماشا دکریه وبه چاوی دی تن دبیندریت تیەدگا کەلم عصره دا پیشکوتن و ترقی اساسی لەسر دوکار دادمزریه (یک) مطبوعات دوم مکتب هر ملتیک اودو لازم ملزومانه نەبو ملیتی بو اثبات ناکریت و چتکی احوال خوی به بیگانه ودوست بداته زانین أو هردوا نەی سروه بو ملت و وطن فائده بکا لبراوه چندسالیک اوانم له خیال خانەدا دیناو دەبرد تاکو و مطبعەیم هینا گوری و بو نشریات گیاندمه رواندز .**

**و سببی تسمیەی بە (زارکرمانجی) امەیە کە خذ متی لغت توی کوردان و تأریخ واد بیات وصنعت و فن نشر بکا ولە مستقبل ودا کتیبی کوردی چاپ دەکا بو ژیانەوەی ناوی واثری گورە وروئسایان کوردستان وسال نا مەیان دە کوشیە لە هر لایکە . چتیکی داخل بە ملکی (زار کرمانجی) بیە بە ممنەنیە تە وە نشری دەکا.**

ئەگەر بە دیزاینی ئێستا سەیری ئەو لاپەڕەیە بکەین، شوێنی گونجاو نییە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە لە دەستپێکی ژمارە یەکی گۆڤاری "زارکرمانجی" و لە بەرگی ناوەوەی ژمارە (یەک) نووسراوە و داندراوە، کە بۆ خوێنەر هەبوونی زۆر گرنگە، بە تایبەتیش بۆ خوێنەرانی پارێزگای هەولێر، کە جاری یەکەمە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری گۆڤارێکی لێدەردەچێت.

لێرە و لەو نووسینە "زارکرمانجی" بە دوو مانا هاتوە:

١ -وەک چاپخانە

٢ -وەک گۆڤار

حوسێن حوزنی موکریانی لەو پێشەکیە کورتە، هۆی دەرچوون و دامەزراندنی چاپخانەی زۆر بە کورتی و بە ڕوونی بۆ خوێنەرانی نووسیوە. ئەو دەزانێت بۆچی چاپخانەی دامەزراندوە و بۆچیش گۆڤارێک بەو ناوە "زارکرمانجی" دەردەکات. ئەوە خۆی لەخۆیدا، تێگەیشتنێکی گەورەی ڕۆژنامەگەریی سەید حوزنی پیشاندەدات، کە دامەزرانی چاپخانە و دەرکردنی گۆڤارەکەی بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو زوو زانیویەتی، بۆشاییەک لەو بوارە لە کوردستان بە گشتی و پارێزگای هەولێر بە تایبەتی هەبووە و ئەویش بەو ئەرکە نیشتیمانیە هەڵساوە.

حوسێن حوزنی، پێشتر هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی شاری سولەیمانی لەوانەش لەگەڵ پیرەمێرد، شێخ نوری شیخ صالح، مەلیک مەحمود...هتد هەبووە. بۆیە باش دەیزانی، دەرکردنی ڕۆژنامە لە سولەیمانی زۆر ئاسانتر بووە، چونکە ئەوان جگە لەوەی ئەزموونی دە ساڵ دەرکردنی ڕۆژنامەیان هەبووە، چاپخانە و کرێکاری چاپخانەشیان هەبووە، لەسەر حوسێن حوزنی هەر نووسین پێویست بووە، ئەگەر لەکاتێدا، مامۆستا گۆڤارەکەی "زارکرمانجی" لەوێندەر دەرکردبا، بەڵام ئەو بەوە ڕازینەبووە و لەکار و لە گەیاندنی کەلوپەلی چاپ و چاپخانە بۆ ڕواندز نەترساوە و لەوێ بە ئەرکی مێژوویی و سەرشانی خۆی هەڵساوە.

گۆڤاری "زار کرمانجی" هەتا ٢٣ی تەموزی ١٩٣٢ بە هەمووی (٢٤) ژمارەی لێدەرچووە، کە دەبوایە زۆر ژمارەی زیاتری لێدەرچووبا، بەڵام لەبەر زۆر هۆ و بەربەست، لەوانە نەبوونی کاغەز و کەلوپەلی پێویستی چاپ و نەدانی ئابۆنە و یارمەتی و پشتگیرینەکردنی لایەنی ماددیی پێویست، کاریگەریی لەسەر دەرکردنی هەبووە، بۆیە زۆر لە ژمارەکان لەکاتی خۆی دەرنەچوون

و دواتریش گۆڤاری "زارکرمانجی" ڕاگیرا، چاپخانە بۆ ناو شاری هەولێر گواسترایەوە و لە ساڵی ١٩٣٥ گۆڤاری "ڕوناکی"ی بە هەمان ئامێری چاپ دەرکرد.

## بابەتەکانی ناو گۆڤاری "زارکرمانجی"

لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" بابەتی زۆر بڵاوکراونەتەوە، بەڵام وەک مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لەسەر بەرگ نووسیویەتی: (کۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە). جگە لە گۆڤارەکەی ئاماژەی پێکردوە، لە دەرگای سیاسەت و جوغرافیا و کێشەی نێودەوڵەتیش دراوە.

لەسەر مێژوو، فەرهەنگ، پەروەردە، سیاسی و پرسی نیشتیمانی و هەستی نەتەوایەتی، زنجیرەک گوتاری بڵاوکردونەتەوە. لە خوارەوە بەشێک لە سەردێرەکان وەکخۆی دەنووسمەوە: (دوری امارات / تأریخ سوران)، (عکاسی و کولان)، (خوش خوانی)، (دردی درون)، (قسەی تیگەیشتوان)، (چیرۆک)، (همولایک)، (کوهری یکانە/ میژینی کوردان)، (سنوری کوردستان)، (هاتوچون)، (بو صنعت و فنون)، (ولام زارکرمانجی)، (رزگاری لەنزانین)، (وطن پروری)، (پیشکوتن)، (دوری سلطنت)، (دوری استعباد)، (آگاداری)، (بهاری وطەن)، (کورد بە چی سەردەکەون)، (آورێکی پاشەوە)، (پەروەردە)، (میلتی کەوتو بەچی سەر کەوتون و کورد دەبی چۆن سەرکەوی)، (چند پیتیکی راست)، (میژوی عکاسی وفروعاتی)، (قاقەزیکی کراوە بو زین العابدین بگ)، (بیطر خانە لە رواندز)، (زمان و نوسینمان)، (عائشە تیمور)، (ژیانی اوەل ئەصلی و پیگەیشتنی و فیربونی اجتماعیاتی)، (تلغراف بی تل)، (ریگای گلی علی بگ)، (سەرمایەیکی گران بەهای میژوت کوردان)، (مکتەبەکانی سلیمانی دوینە و ئەمروکە)، (لە خاکی کوردستاندا زمانی کوردی بوچ نەبیتە زمانیکی رسمی)، (لوغەتی کوردی لە اماکین کورداندا)، (هەولیری تازە و میژویی)، (ژیانی بەرزبونی علم بە مطبعەیە نەک بە خود پەرستی و جهل)، (سربهوردیا کورداتی)، (دامەزراندنی کوملەیەکی کوردان لە بەغدا / یانەی سەرکەوتن)، (آوی خواردن)...هتد. هەموو ئەو سەردێرانە و زۆری دیکەش لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" بایەخی زۆریان پێدراوە، بە زمانێکی ڕوون و ناوەڕۆکێکی زۆر دەوڵەمەندیش نووسراون.

## نوێخوازی لە گۆڤاری "زارکرمانجی"

گۆڤاری "زارکرمانجی"، یەک لەو گۆڤارە دەگمەنە کوردیانەیە، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو گوتار و بابەتانەی لێرە بڵاوکراونەتەوە، هەتا ئێستا هەنووکەیی خۆیان لەدەستنەداوە، جگە لەوەی گوتار و بابەتی زۆریش تیایدا هەن، بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەدەرگایاندراوە.

لە خوارەوە هەندێک بابەت بە کورتی وەک نموونە باس دەکەین:

-بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسەر هونەری وێنەگرتن و کۆڵین زنجیرە گوتارێک نووسراوە، کە دواتر لەژێر هەمان ناو، نامیلکەیەکی بە ناوی: (وێنەگەری و کۆڵین) لە چاپخانەکەی لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٣٤ چاپکرد. ئەگەر خوێنەر هەموو هەنگاوەکان وەکخۆی پەیڕەوبکات، بێکێشە وێنەی جوان و ئەنجامی باشی دەستدەکەوێت.

**کتیب ی عکاسی و کولان عکس به روناکی**

**فوتو گرڤیور علمی و عملی**

**ئەم مقاله یه کتیبکه مفصلا و خوم تألیفم کردوه بوصنعت کاران کردستان تاکو هر کسیک قابل بفیربونی عکس کیشان ؛ و کولانی عکس وکلیشه بیه وستا وزخت توا نیت فیربیه واز یتی لەسر نەکیشی هر طالب و خواهانیک له تجربەی دا گریه یکی هاته پیشه وه مراجعه بفرمون عرضی دەکریه.**

**لەهرنسخەیکی ئەم جریدەدا چند پره یک له صفت مقالەدا نشر دکریه : تواوی صنعت وعملیات زنگوغرافی وعکاسیت فیر دەکا چونکه لەژیر تجربه کاریم درچاوه تألیف کرا. //ژماره یەک. ل. //٢٣**

-بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری و چاپ و پەخش و کتێبی کوردی ناوی (پێشمەرگە) لە گۆڤاری "زارکرمانجی" لە ژمارە شەش (١٧ ربیع ٢ - ١٣٤٥) لاپەڕە (١٧) نووسراوە.

هەموو ئەوانەی پێشتر لەسەر ناوی پیشمەرگە یان سەرهەڵدانی ناوی پێشمەرگەیان نووسیوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان لە زاری کەریم زەند دەگێڕنەوە. بەڵام لێرە و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە گوتارێکی مێژوویی دەنووسێت: (**له سفری سلطان مراد رابع دا شیخ شمس الدین نقشبندی ورمیه به خوی و شیست هزار نفرەوە دەبیته پیش مرگەی اوردو گرجستان و ایروان و دار السلام فتح دەکا**).

- هەر لەو ژمارەیەی سەرەوە، لە لاپەڕە (١٩) بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ژانرێکی ئەدەبی بە ناوی): فابلولە (fabula - یان فابلێسfables- ) داناوە.

**فابلێس: fables** چیرۆکێکی کورتە و بە شیعر لە شێوەی سەتیر دەنووسرێت. فابلێس - ژانرێکی تەمسیلییە و لەپشت گێڕانەوە یان چیرۆک، کارەکتەری دروستکراو هەیە، (زۆربەی کات لە بەرگی باڵدار یان ئاژەڵ) لایەنە شاراوەکانی ئەخلاق و کێشەکانی کۆمەڵ باس دەکەن.

لە زمانی کوردی وشەی ئەفسانە بۆ فابولە یان فابلێس داندراوە، کە وشەیەکی هەڵەیە. وشەی

ئەفسانە، بە زۆر لە زمانەکانی ئەوروپی دەکاتە لیگێند legend – ، لگێندیش لەگەڵ فابلێس یان ئەفسانە جیاوازییان زۆرە و مانای دیکە دەبەخشن.

لە ڕاستیدا ئەو لاپەڕەیە (١٩)، لە ژمارە (٦) بۆ چیرۆک تەرخانکراوە، بەڵام ئەوە چیرۆک بە مانای چیرۆک، کە تێیدا مرۆڤ قارەمانی چیرۆک بێت نییە، بەڵکو ژانرێکی ئەدەبیی زۆر گرنگ و دێرینە، باڵدار و ئاژەڵ دەبن بە قارەمانی چیرۆک و جاری یەکەمە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی، مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بەو ژانرە دەنووسێت و لە خوارەوە کۆپلەیەک وەکخۆی دەنووسمەوە:

| | |
|---|---|
| دو کەرویشکی زانا و زیرەک تەواو | بە خوشکی لە کیوان دەگریان بەتاو |
| لە راو و شقار و لە خواردن لە رەو | لەگەل یک رفیق بون بە دل خوشکی هەو |
| همو فکر و تدبیریان پیکەوە بون | لە یک جوی نەبون هیچ دەمیک لیک نەبون |
| یکیک لانەی خوی لە بر روژ دەکرد | اءوی دی لە بر سیبری رادە برد |
| لە کن لانەی سیبری کیسەلیک | کونی بو لە یک زور نزیک بون سریک |
| تماشا دەکا کیسەلی بەرد پشت | همسایەکی جوانە پاکە و نە زشت |
| بە دل عاشقی چاو و اندامی بو | خدنگی محبت لە دل کاری بو |
| دەگریا و دەسوژا و دەی کرد اءمان | لەدل آە وزاری وەدەرخست بەگیان |

https://lexicography.online/etymology/б/басня?

–هەر لە ژمارە یەکی گۆڤاری "زارکرمانجی"، بایەخی زۆر بە شۆڕش و خەباتی گەلان دراوە. لاپەڕە (١٤)، کە بۆ هەواڵ و دەنگوباس تەرخانکراوە، لێرە یەکەم هەواڵ وەکخۆی دەنووسمەوە:

**باس و خواس ریف**

**عبد الكريم خۆی کردە دیل**

**العراق – ١٩ی ذی القعیدە بنا لەسر تلغراف ٢٨ی ئایار لە لەندن**

**امروکە ولاتی رەیف بەتواوی کوتە ژیردستی اسپانیا فرنساویانەوە . امیر عبد الكريم بوخوی خوی تسلیم بە فرنساویان کرد عبدالكريم مجبور دەکەن کە اعتذار بکابو مولای یوسف سلطان مرا کیش لبر اوە کە چند سال لی عاصی بوە**

**امروکە عبدالكريم لەبن قیدی فرانسە دا اسیرە نەلە مملکتی اسلامیتدا وتمانی عفوی هیە لە فرنسە؛**

**اسپانیا داوای عبد الكريم دەکەن**

**طنجە (١) حزیران اسپانیا داوی عبدالكريم لە فرانسە دەکەن دەلین او دیلی ایمە یە چونکە لە**

**پيش دا لەتک ئيمەوە شرى كرد دەبى تسليم بەايمە بكريە واديارە فرنسە جوابى نداوە ؛**
**لە كۆپلەكانى دوايى بەوجۆرە كۆتايى بەو هەواڵە دێ:**
**ضرەرى فرانسە لە شر ى عبدالكريم دا**
**لە مدەى ساليكدا ١٥٠٠ نفرى ليە كوژراوە لەگل اوانى ون بون دەكاتە ٢١٦٢**

ئەو ڕاپۆرتە هەواڵە، بايەخی زۆری پێدراوە و لە كۆمەڵە سەرچاوەيەک وەرگيراوە و پڕ زانياريی وردە. هەرچەندە وڵاتی مەغرب لە كوردستان زۆر دوورە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمان كێشەی سياسی و نەتەوەيی لە كوردستانيش هەيە، بايەخی پێداوە و بە درێژی لەسەری نووسيوە.

//لەو نووسينە (گوتارە هەواڵيە)، كە باس لە عەبدولكەريم دەكات، مەبەستی حوسێن حوزنی موكريانی بەستنەوەی كێشەیٔ ئەمازيق و كورد بەيەكەوەيە. //(**محمد عبدالكريم الخطابى ١٨٨٢ – ٢ى شوباتى ١٩٦٣**) سەركردەی بەناوبانگی مەغريب، لە ئەجدير لەدايكبوو و لە قاهيرە كۆچی دوايی كرد. پياوێكی سياسی و قائيدێكی عەسكەريی گەورەی مەغربی بوو بە شێری ريف ناسرابوو. ئەو سەركردايەتيی شۆڕشێكی كرد، كە خەباتيان دژ بە داگيركاريی ئيسپانيا و فەرەنسا كرد//

محمد عبدالكريم الخطابى لە ١٨ى ئەيلولی ١٩٢١ كۆماری يەكگرتووی قەبيلەكانی ريفی دامەزراند. ئەو كۆمارە، كۆمارێكی سەربەخۆ بوو و دەستوور و پەرلەمانی خۆيان هەبوو. پايتەختی ئەو كۆمارە ئەجدير بوو. لەوكاتەی ئيعلانی سەربەخۆيی كرد، ژمارەی دانيشتوانی ١٨٣٥٠ كەس بوو. ئەو كۆمارە لە ٢٧ی مايسی ١٩٢٦ بە هێزێكی هاوبەشی فەرەنسی و ئيسپانی، كە لە ٥٠٠ هەزار كەس پێكهاتبوو لەناوبردرا .//.

//الريف (امغرب) بە ئەمازيغی (النگور)، شوێنێكی جوگرافی و سەقافيە دەكەوێتە باشووری مەغريب. طەنجە و تطوان و حسيمە و تاونات و الناظور و الشاون، ئەو شوێنان، كە دانيشتوانی بە زاراوەی (الريفيە) قسەدەكەن. ئەوان زمانی عەرەبيش دەزانن. لە ساڵی ١٩٢٦ ئيسپانيا بە چەكی كيمياوی بۆردوومانی كردن و خەڵكێكی زۆر كوژرا//.

لەبەر گرنگيی ئەو بابەتە، مامۆستا حوسێن حوزنی موكريانی لە ژمارەی داهاتووش لە لاپەڕە (١٢ – ١٣) بە درێژی باسی لەو سەركردە گەورەيە كردوە.

**عشيرت ريف باور ناكن عبدالكريم ديلە**
**العراق – نقل لە جريدەى (كليور) دەكا بنا لە تلغرافان خاص زور عشيرت هن وادەزانن**

**عبدالكريم نەگيرايە و لە جنوب شر دەكا ل. ١٢**

-بابەتێکی دیکەی گرنگ، لەسەر ژنێکی کوردی میسر بە ناوی: (عائشە تەیمور)ی لە هەردووک ژمارە (٢١ – ٢٢) نووسراوە و بە درێژی باسی دەکات، کە پێشتر و زۆر دواتریش، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەی کوردی هیچیان لەسەر نەنووسیوە.

خەڵکی کورد، لە دێر زەمانەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و سیاسەت لە میسر و جیهانی عەرەبی بە تایبەتیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست و یەک گێڕاوە. هەر بۆ نموونە، مەحمود تەیمور پێشەنگی چیرۆکنووسی میسرە، ئەحمەد تەیمور پاشا خاوەنی دەستنووسی زۆر و کتێبی توراسیە، عائشە تەیموری شاعیر، کە بە یەک لە پێشەنگی شیعری تازە و سەردەمی میسری و عەرەبی لەقەڵەمدەدرێت.

هەروەها لەناو بنەماڵەی تەیموری، ئەحمەد تەیمور پاشا (١٨٧١ – ١٩٣٠) نووسەر، زمانەوان، توێژەر و مێژوونووس بوو. باوکی ئیسماعیل پاشا سەرۆکی دیوانی خدێوی بوو و کاری لەسەر توراسی میسر دەکرد و لەنێوان ١٩٢٤ – ١٩٣٠ وەک ئەندامی مەجلیسی پیرانی میسر هەڵبژێردرا. هەر لەناو خێزانی تەیموریەکان محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل تەیمور (١٨٩٢ – ١٩٢١) هەبوو، کە شیعر و چیرۆک و شانۆنامەی دەنووسی. یەک لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی میسرە لە چیرۆک و شانۆنووسین. سەفەری بەرلینی کرد، بۆ ئەوەی پزیشکی بخوێنی، دواتر وازی لەو خوێندنە هێنا و بۆ پاریس چوو، لەوێ ئەدەبی فەرەنسی خوێند. پاش سێ ساڵ ١٩١٤ بۆ قاهیرە گەڕایەوە. لەسەر دەستی محەمەد تەیمور کورتە چیرۆکی سەردەمی نوێی عەرەبی لەدایکبوو. ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی کراتشۆفسکی باس لە چیرۆکەکانی دەکات، کە چۆن ژیانی ڕۆژانەی میسریەکان باس دەکات و لەگەڵ مۆپاسان و چیخۆف بەراوردی دەکات.

عائشەی تەیموری: (عائشە ئیسماعیل پاشا محەمەد کاشف تەیمور١٨٤٠ – ١٩٠٢)، کە لە ژمارەکانی (٢١ – ٢٢) لە گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەری نووسراوە، شاعیر و نووسەرێکی عەبقەریە و بە پێشەنگی ئەدەبی ژنانی وڵاتانی عەرەبی سەردەم دادەندرێت. عائشە شیعری بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی دەنووسێت. نەبیل الحاج لە نووسینێکدا گوتی: **ئەدەبی عەرەبی لە سەدەی نۆزدە قەت نووسەرێکی ئازای وەک عائشەی تەیموری نەبینییە، کە هەست بە بەرپرسیارەتی بکات و بەرگری لە ژنانی عەرەب بکا. ئەو پێشەنگی ئەدەبی ژنانی لە قۆناغی سەردەم دەکرد.**

'نادیە نویهض' لەسەر عائشە دەڵێ: **ئەو ژنە شاعیرە تەیموریە پێشەنگە و بە ئاستێکی باڵا**

**گەییشت، ژیانی لەنێوەندی خۆشی و ناخۆشی، ناوبانگ و پێکەنین و دڵەڕاوکێدابوو. جوانترین چرۆی شعری ئەمریش دیارە لەنێو ئێش و ئازاردا لەدایک دەبێ.** (دریه عونی، محمد زاید، مصطفی عوض. الاکراد فی میسر عبر العصور. چاپی یەکەم قاهیره ٢٠١١. ل. ١١٧ – ١٢٥). مامۆستا حوسێن حوزنی لە گۆڤاری "زارکرمانجی" ئەو ژنە کوردە گەورەی بە خوێنەرانی کورد و گۆڤارەکەی ناساندوە.

**لایەنی ئەخلاقی:**

گۆڤاری "زارکرمانجی" تەنیا پەیڕەوی ئەخلاقیاتی ڕاگەیاندنی نەکردوە، بەڵکو زووزوو لە نووسین و گوتارەکانیش وشەی "ئەخلاق" دەبیندرێت، کە باس لە ئەخلاقی مرۆڤ و کۆمەڵگا و بەها جوان و پیرۆزەکانی ژیان دەکات. بە چاوپێداخشانێکی خێرا تەنیا لە (١٢) ژمارەی یەکەم زیاد لە (٦٣) جار وشەی ئەخلاق بەرچاودەکەوێت، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا، گرنگیی ئەخلاقی لای مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی پیشاندەدات.

هەر بۆ نموونە، بە ڕێزەوە نامەکان بۆ سەرنووسەر نووسراون، سەرنووسەر بە ڕێزەوە وەڵامەکانی بە چاپکراوی داونەتەوە و بە هیچ شێوەیەک بریندارکردن و تەشهیر لە گۆڤاری "زارکرمانجی" نابیندرێت.

**–بۆ مدیر روزنامەی زارکرمانجی خۆشەویست تقدیم دەکریت**

**لطفا ام دوسی قسەیەم لە روزنامە کتانا داخل بکەن و ایتر احترام**

**لەخوارەوەی هەمان گوتار سەردێڕێک بەناوی: (بو پیشکەوتنی کورد چیمان پی لازمە) داندرایە.**

**–خویان بالذات لەوطنی خویان استفادە أکن محتاجی دستی بیگانە نابن چونکە هەمو ایشیکیان لەدوای محاکەمەیەکی زور لیکدانەوەیەکت بەدقت أکن واوذاتە عزتانە کەروحی ووریا بوونەوە بلاو أکەنەوە : اخلاقی ملت . چاک أکن وبەدل دوژمنی جهالتن ماموستای باش وبەأخلاق؛** //ل. ٥. ژمارە (١).//

**– هر گورەیک مقالەی چاک و بخیر بو وطن و ملت و بو انسانیت و اخلاقی بەنیریە افتخارا بوی نشر دکریە اگر خود صورت مقالە بخوازرینە وە بوی اعادە دکریە** //ل. ٢٤ ژمارە (١)///

**– لە نتیجە دا اقرار بە جاهلی و بی علمی خۆمان دەکەین و سببی همو بد بختی و پاش کەوتوشمان دە گەینەیی علمی). ایتر بی خبرین لە مە کە مص بتی گەورە ترمان لە بی علمی و بی اخلاقیە.** // ل. ٣ ژمارە (٢)//

**– خوزگە عیب ایمە هربی علمی بوایت عیب هر عیب علتیکمان کە تماشا بکە ین یک لە یک**

**شرم آور ترە خصوصا علت بی اخلاقیمان کە علتیکی ساریە بە درجەییکی وا لە جیلتمانا رسو خیت گرتووە زحمت بە مجرد علم چارە بکری چونکە چارەی علم سهلە؛ چارەی اخلاق زحمەتە.** // ل. ٣. ژمارە (٢)//

**- پیاوانی وطن پروەر بو اوانەی کە عرض کران دەکوشن. اخلاق و خو صنعت و کار و خویندن و افکاری چاک و ریگای ژیانیکی آزاد و سربست نشان داین وفیرکردن ولات بەوانە. و تربیت دانی مندالان و اهالی بو هەلسان لە خەوی غفلت. و رابون لە خاکی تمبلی و بی کاری و دست پیک گرتن.**

**اءو جار همو کس بەو پیاوانە دەلین : هر بژین وطن پروەرینە.** // ل. ٢. ژمارە (٨)//

**لە زنجیرە گوتاری:** (رزگاری لە نزانین)، لە ژمارە (٩) بەو جۆرەی خوارەوە باس لە ئەخلاق کراوە:

**نەزانین تابع و دوستی خوی وا تیدەگەینیت کە نصیحت فضولی و شیطنتە غیرت و نەکیشان عداوتە رشیدی بە عقلی یە حمیت و مروت شیتی یە سخاوت و انسانیت حماقتە مرحمت و دلسوزی جبانتە رضا و زحمت نەدان ترسەنوکیە.**

**تابعانی نەزانین باوەریان بە پیدا کردوە کە بغض و نفاق و لیک بوین چاکەیە حیلە و فرو فیل کاسبیە دنائت و ارتکاب لطف و عدالتە ذلیلی و ایخسیری ژیانیکی آزادیە.**

**نەزانین اگر بەسر پیاوی نیونجی (متوسط) دا حکمروا بیت حق و راستیان لی بزرکات لە عجاییات نیە بەلان اغرب تر امەیە کە زورترینی زانا و تیگەیشتوان و اغلبی علما و موریخانی هلخلتاندون پردەیکی خستوتە برچاویان حقایق و راستیان لی گوم بووە بە کەسانیکیان هەلدەگوت کە همو عزمیان بو محوی بشر و کوشانیان بو ویرانی آرایان لنگدانیان بو کوشتنی انسانان بو ؛ تەواوی : - پیشکەوتوانیان وەپاش خست بە غیری نفاق و شفافیان لی صادر نەبو خذمتیکی بشریتیان نەکرد وا بەعظمتیان قید کردون داخوا اءوان لەمانە بوین کە پاشماوەخوری سفرەیان بون یان پارچە زیر و زیو ببو بە پردیک چاوی حق دیتنی لی گریدابون.**

**اوە اخلاقیکی بی انتظام و بی قانونیە قانون اخلاق لەنیو علمایان دا بە چند جور ذکر دەکریت بلان همویان لە قانون ناموس گریدراون اءوەش امەیە کە بشر بە سر بستی و بی زەرەر پی بژی لە بن قید تجربدا نەبیت کوانی ایخسیریان نەزانین قانون و انتظامیان بو نیە مادامە اوان عبدن و کریارن زمابان لە دست خویان دا نیە هر چونکی کاریان پی بکەن دەیکەن وەکو توکە مریشکیکی بە دم بادا درا بیت یا بو کویی برد دەبی بچیت گیژەلوکە بو چە لایکی سوراند**

**دەسوریت و خستیه چه کەلاوه و کەندەلانیکەوه تیدەکەویت نه انتظام بو هەیه نه ازادی به دەست خوی و نه قانونیکی بو رادەگیریت تەواناى چیه دایکی آزادیه به اخلاق اخلاق مولدى تەوانایه.** //ل. ٢. ژماره (٩)//

– **پیاویکی که له سر عادات زبان و اخلاقی ملت نەبی به ملیتی خویانی قبول نەکەن:** //ل. ٢٣ ژماره (٩).//

له ژماره (١٠)، زۆر جوان و به ڕوونی ئەخلاقی ڕاگەیاندن دەبندرێت و هەستی پێدەکرێت، که له ڕۆژنامەگەریی سەردەم لەو جۆره نووسینانه بەرچاو ناکەون.

**– زور چاکی اءزانین ام قسانه هی رشید مفتی نیه چونکو (درجەی فکریەو تحریریه و اخلاقیەی اءو له لای هموان دیاره) هی هر کسیکی بی له بو اثبات مدعای – کەمردووه – له لای خوی ویستویه هندی دلیل بینی بلام به تەواوی اءو کسه پاقری خوی دەرخستووه.**// ل. ٢٠ ژماره (١٠)//

دیسان لەسەر ئەخلاق و ئەخلاقی ڕاگەیاندن، لەو نووسینەی خوارەوه زۆر به جوانی دیاره. ژماره (٨) له (٢٠ی شوبات) و ژماره (٩) له (٢ی حوزەیران) دەرچووه. نێوان ئەو دوو ژمارەیه نزیکەی سێ مانگ و نیوه. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، به بۆنەی درەنگ دەرچوون ئاگاداریەک به ناوی: (**هیوا**) بڵاودەکاته:

//**هیوامان هیه که خوینەوارانی زارکرمانجی خوشەویستەکانمان عذرمان قبول بکەن کەامه بوبه ٣ مانگ کوڤاری زارکرمانجی له نشرکردن پاش کەوتبو بی قاقەز بو لەپاش هەول تقەلایکی زور قاقەزمان بو گەیشته کرکوک له کرکوکیش نزیکی دو مانگان له خذمت زاتیکی ملت پرور دا قاقەزەکەمان وەدرەنگ خرا و بوی نەناردین تا بەهمتی هینیدیک لەخوشەویستانی زارکرمانجی قاقەزەکەمان بو هات امیدەوارین که لەمەو دوا کوڤاری زارکرمانجی لەوختی خویدادەرکەویت لەسر انتظام دەوام بکات.**// ل. ٢١ ژماره (٩).

لەو ئاگاداریەی سەرەوه، خوێنەر به ڕوونی هەست به پەیڕەوکردنی ئەخلاق له گۆڤاری "زارکرمانجی" دەکات. کەسێک له کەرکووک بۆ ماوەی دوو مانگ کاغەزی گۆڤاری "زارکرمانجی" لای خۆی گلداوەتەوه و بۆ ڕواندز ڕەوانەی ناکات، مامۆستا حوسێن حوزنی لەجیاتی بەکارهێنانی قسەی نەشیاو و تەشهیر دەنووسی: (**لەپاش هەول تقەلایکی زور قاقەزمان بو گەیشته کرکوک له کرکوکیش نزیکی دو مانگان له خذمت زاتیکی ملت پرور دا قاقەزەکەمان وەدرەنگ خرا و بوی نەناردین**).

وەک دیاره، به زمانێکی خۆش و شیرین، دوور له تەشهیر و ناوزڕاندن، زۆر به ئەدەبەوه

باسی ئەو هاوڵاتیەی کەرکووک دەکات و هەتا بە (ملت پەروەر)یش ناوی دەبات. لە ڕاستیدا، ئەوە لوتکەی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریە، کە دەکرێ زۆر بە جوانی سوودی لێوەربگیرێ. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، گچکەترین تەشهیری بە کابرای کەرکووکی نەکردوە، بەڵام نووسیویەتی، کە دوو مانگ لای خۆی گلیداوەتەوە و نەیناردوە، دواتر لە ڕێگای دۆستانی زاری کرمانجی ئەو کێشەیە چارەسەرکراوە. نووسین و تەکنیکی نووسین دەبێت بەو جۆرەی سەرەوە دەوڵەمەندبێت، حوکمەکە خۆی نایدات و بۆ خوێنەرانی گۆڤاری بەجێدێڵێت. خوێنەر بێ ئەوەی یەک وشەی ناشیرین بخوێنێتەوە، خۆی حوکم دەدات و لەبیری خۆی نەعلەت بۆ کابرای کەرکووکی دەنێرێ، کە بۆچی بێ هۆ ئەو هەموو کاتە کاغەزی گۆڤاری "زارکرمانجی" لایخۆی گلداوەتەوە و خوێنەرانیش چاوەڕێی ژمارەی تازەی گۆڤاری "زارکرمانجی"ن. ئەو جۆرە تەکنیکی نووسینە، دەمێکە لە ڕۆژنامەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکاردێت. ئەوان فاکتەکان دەنووسن و حوکمدانیش بۆ خوێنەر جێدەهێڵن.

### -دیزاین و دیزاینی گۆڤاری "زارکرمانجی"

پێناسەی دیزاین: دیزاین وشەیەکی ئینگلیزیە بە کوردی دەکاتە: دەستکردن بەکارێک، بە تەواوکردنی، لایەنی هونەری فەرامۆش نەکرابێت. ئەمە پێناسەیەکی گشتیە و دیزاین لە ڕاستیدا، هەموو شتێک لە نێوان زەوی و ئاسمان لەخۆی دەگری، بەڵام کاری دیزاینی ڕۆژنامە و گۆڤار تایبەتمەندیی خۆی هەیە و زیاتر، دانان و دابەشکردنی بابەت و وێنەیە بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و دانانی هێلکاریی پێویست بۆ لاپەڕەکان، هەروەها هەوڵدەدات، ڕۆژنامە و گۆڤار بینینیان بێزارکەر نەبێت، خوێندنەوەیان گران نەبێت، سەردێڕ و تێکست چاو تێکنەدا، لاپەڕە پڕ و تێکەڵ و پێکەڵ نەبێت، دۆزینەوەی ناوی نووسەر و سەردێڕ ئاسانبێت. جگە لەوانەی سەرەوە، فۆنتی نەرم بۆ سەردێڕ و نووسینی تێکست دادەنێت و تێکستی بەجێ لە ژێر وێنەکان دادەنێت.

**دیزاینی ڕۆژنامە و گۆڤار هەوڵدەدا، خوێندنەوەیان ئاسان بکات و زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار پەیدا بکات. هەر ئەویش جۆری کاغەز و ستوون و فۆنت بۆ چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار هەڵدەبژێرێت.** (سەپان، بەرگی یەکەم، ٢٠١٢، ل. ٥٦ - ٦٢)

لە مێژووی سەت ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، قەت گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک لە دیزاین و بە ناوەڕۆک بەو جۆرە دەوڵەمەند دەرنەچووە، بتوانێت شان لە شانی گۆڤاری "زارکرمانجی" بدات و گرانە دووبارەبوونەوەش ڕووبدات، ئەگەرچی تەکنۆلۆجیای سەردەم، کارئاسانیی زۆری کردوە، لەگەڵ ئەوەش، جێگرەوەی نییە، چونکە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خۆی گوتاری

دەنووسی، پیتی بۆ گوتارەکەی ڕیزدەکرد، سەردێڕی بە خەتێکی جوان و بە دەست لەسەر دارگیز هەڵدەکۆڵی و بەو ئیمکانیەتە کەمە کلێشەی دروستدەکرد، بێ ئەوەی خوێنەر هەست بە جیاوازیی بەرزی و نزمیی فۆنت و کلێشە بکات، هەروەها ئەگەر هەمان نووسین، گوتار یان شیعر و مەنەلۆگ پێویستییان بە نەخش و وێنە هەبا، دیسان مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی وێنەیەکی جوان و گونجاوی بۆ دەکۆلی، دواتر لەتەنیشت یەکتر و لەناو قالبێک بە دیزاینێکی گونجاو دایدەنا و دەیخستە ناو ئامێرە گچکەکەی چاپ و بێ بەکارهێنانی کارەبا لاپەڕ دوا لاپەڕی لەسەر چاپدەکرد، ئینجا قالبەکەی لەناو ئامێری چاپ دەردەهێنا، پیتەکانی بڵاودەکردەوە، لاپەڕەکانی کتێب و گۆڤارەکەی کۆدەکردەوە، دەرزی لێدەدا، دەیبڕی و جوانی دەکرد و دواتر بەناو هاوڵاتیانی کورد و کوردستان و دەرەوەی وڵاتی بڵاودەکردەوە. پرۆسەیەکی دوور و درێژ و گران و پڕ ئەزیەتە، سەبری ئەیوبی بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوون دەوێت. لە هەمان کات، هونەرێکی گەورەیە و هەموو کەسێک ناتوانی خۆیلێبدا، هەر بۆیە هامیلتۆن لە کتێبە بە ناوبانگەکەی دەنووسێت: **لەڕواندز سەید حوسێن ئەفەندی (حوزنی) دەژیا. ئەو سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی لۆکال بوو و بەخۆی نووسینەکانی دەنووسی، وێنەکانی دەکێشا، بە دەستەکانیشی پیتەکانی کۆدەکردەوە و چاپی دەکرد و دەرزی لێدەدا. لە هەموو جیهان نموونەیەک لەوجۆرە نییە و کەسێکی زۆر دەگمەنە.**

(Hamilton، Road through Kurdistan، 1937، P. 86)

هامیلتۆن لەبەر سەرسامبوونی زۆری بە سەید حوزنی موکریانی و هونەری چاپ و چاپخانەی "زارکرمانجی" لە کتێبەکەی بە ناوی ((Road through Kurdistan - The Narrative of an Engineer in Iraq لە شەش شوێن باسی لە مامۆستا حوزنی لە لاپەڕەکانی: (٨، ٨٦، ١٣٤، ١٥٧، ٢٣٧، ٢٠٩) کردوە.

ئەوەی گۆڤاری "زارکرمانجی" بەو جۆرە جوان و دەوڵەمەند کردوە، بێگومان جگە لە ناوەڕۆک و دابەشکردنی بابەتەکان و نووسینی زنجیرە گوتار و هەڵبژاردنی شوێنی گونجا و بۆ گوتار و هەواڵ و هەڵبەست، دانانی کۆمەڵێک وێنە و سەردێڕی گەورەیە، کە هەر هەموویان بە دەستی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی کێشراین، کە زیاتر لە تابلۆ هەتا لە بەرگ یان لاپەڕەیەکی ئاسایی گۆڤار دەکەن. هەر بۆ نموونە بەرگی سێ ژمارەی یەکەم و یازدە ژمارەی دواتر زیاتر لە تابلۆیەکی هونەریی ئاستبەرز دەکەن، هەتا لە بەرگی گۆڤارێکی ئاسایی کوردیی پارێزگای هەولێر.

**سەر بەرگی دەرەوەی ژمارە یەک**

سەید حوسێن حوزنی موکریانی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ڕۆژنامەنووسێکی زۆر دەگمەنە، باوەڕناکرێ کەس وەک ئەو خاوەنی ئەو هەموو بەهرەیە بووبێت. ئەو تەنیا ڕۆژنامەنووس نەبوو، بەڵکو: نووسەر، مێژوونووس، چیرۆکنووس، شاعیر، خەتخۆش و نیگارکێش، وێنەگر، چاپچی و دیزاینەریش بووە. سەید حوزنی هەموو کارەکانی دەرکردنی گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە بەرگەوە بۆ بەرگ بەخۆی کردوە. هەر بۆ نموونە: بەرگی هەموو ژمارەکانی بەخۆی دیزاینی کردوە و وێنەی کێشاوە. لە سەری سەرەوەی بەرگی ژمارە یەک هەتا سێ بەهەمان شێوە نەخشەسازی بۆکراوە. لەو بەرگانە زنجیرە چیایەک لەگەڵ قەلایەک لەسەر لوتکەی چیا هەروەها حەسار یان قشڵەیەک لە خوارەوە دەبنیدرێ. هەر لەناو وێنەکە جوتیارێک خەریکی جووتکردنە و لە تەنیشت ئەویش لەسەر گردێک ڕانە مەڕ یان بزنێک دیارن و خەریکی لەوەڕ خواردنن. لە خوارەوەش ڕەشماڵێک دیارە، ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، هەمان ڕەشماڵ لە پلنگیش دەکات و لە سەرووی ئەوانەش دوو کۆمەڵ خەڵک دەبیندرێن، وەک ئەوەی خەریکی خوێندن بن یان لە دەورەی شتێک کۆبووینەوە. لەسەر ئەو تابلۆ جوانەش ناوی "زارکرمانجی" بە خەتی فارسی بە گەورەیی نووسراوە و ناو خەتەکەش سپی و بۆشە. سەید حوسێن حوزنی موکریانی لە دروستکردن و نەخشاندنی ئەو تابلۆیە، وەک ئەوەی بیەوێ پێمان بڵێت، گۆڤارەکەم بۆ ئەوانەی خوارەوە، دەردەکەم و لە ناوەڕۆکی باس لە ژیان و خزمەتی ئەوان دەکەم. ئەگەر کەسێک ڕواندزیشی نەبینیبێت، سەیری بەرگی ئەو گۆڤارە بکات، زوو تێدەگات، کوردستان شاخ و چیای زۆرە و لە ناوچەیەکی شاخاویش ئەو گۆڤارە دەردەچێت.

لە خوار ئەو تابلۆیەی سەرەوە لەلای ڕاست بە فۆنتی چاپ نووسراوە: (**سال یکم**) بۆشاییەک هەیە ئینجا نووسراوە: (**کۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە**) بۆشاییەکی دیکە هەیە و لەسەر هەمان دێڕ و لای چەپ نووسراوە: (ژمارە – ١)

لە خوارەوەی ئەو زانیاریانەی سەرەوە نووسراوە: **صاحب امتیاز و مودیری/ سید حسین مکریانی،** لە هەمان دێڕ نووسراوە: **مدیر ادارە/ عبدالرحامن گیو.** لە دێری خوارەوە نووسراوە: **بۆ همو چتێک مخابر لەتک درەخانە دەکریت.** لە خوارەوەی ئەو دێرەی سەرەوە نووسراوە: **هر آبونە پیشین نەبیت قبول ناکریت/ سالی ١٢ روپیە/ بۆ دروە هر آبونە پۆستەی دیتە سر/ تاریخی درکوتنی/ ١٢ی ذی القعیدە الحر سالی ١٣٤٤/ چاپ خانە زارکرمانجی لە رواندز.**

دیارە بۆ دەرکردنی هەر گۆڤارێک، هەبوونی ئەو زانیاریانەی سەرەوە زۆر گرنگە، کە حوسێن حزنی بە پێویستی زانیوە، لەسەر بەرگی گۆڤارەکەی دابنێت. ئەوە پیشانی دەدات، سەید حزنی

موکریانی پێشتر زانیاریی باشی لەسەر دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەگەری هەبووە، بۆیە ئەو زانیاریانەی داناوە. ئەگەر سەید حزنی تەنیا ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی بووایە، باوەڕ ناکرێ، ئەو هەموو زانیارییەی لەسەر بەرگ بنووسیبا، چونکە ڕۆژنامەنووسانی دیکە، ئەگەر لە چاپخانەی دیکە گۆڤار چاپبکەن، دیارە خاوەنی چاپخانە، بە حوکمی کار و ئەزموون لە چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، لە هەبوونی کەموکورتی، ڕۆژنامەنووس یان خاوەنی گۆڤار ئاگاداردەکاتەوە، کە دەبێت لەو نووسیانە لەسەر بەرگی دەرەوە یان بەرگی ناوەوە هەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی سەید حوزنی لە چاپخانەی خۆی ئەو گۆڤارەی دەرکردوە، ئینجا ئەو هەموو نووسینە پێویستەی داناوە، پیشانیدەدات، ئاشنایەتیی زۆری لەگەڵ گۆڤار و مەرجەکانی دەرکردنی گۆڤار و پیشەی ڕۆژنامەنووسی هەبووە، کە بێگومان جێگای دڵخۆشیی و شانازییەکی گەورەیە.

لە ژمارە (٤ – ١١) کەمێک گۆڕانکاریی نەخشەسازی بەرگ کراوە لەوانە: تێکستەکانی ناوەوە وەک ژمارە و زانیارییەکانی دیکەی سەربەرگ، بە خەتێکی خۆش و بە دەست نووسراوە، زنجیرە چیای سەر تێکستەکان دوورتر کرایەوە و ئێستا نەخشی سەر بەرگ، زیاتر لە دۆڵ و چیاکانی کۆڕەک و گەلی عەلی بەگ دەکات، هەروەها گۆڕانکاری بەسەر خەتی نووسینی ناوی "زارکرمانجی"ش داهاتوە و لەسەر نەخشی پیاو و منداڵەکە، گوڵی زیاتر داندراێن. ئەو دیزانەی ئێستا زۆر لە نەخشەسازی سێ ژمارەی یەکەم جوانتر و دڵگیرترە... ئەو گۆڕانکارییە لە بەرگ، گۆڤاری "زارکرمانجی" بۆ ئاستێکی باڵاتری هونەری بردوە.

لە ژمارە (١٢)وە هەموو تێکستەکانی سەر بەرگ جگە لەناوی گۆڤار "زارکرمانجی" هەموو زانیاری و تێکستەکانی دیکە بە فۆنتی چاپ نووسراون و ڕووبەری سەر بەرگ بۆ نووسین زیاتر بەجێماوە، دیسان ساکاری و جوانیەک دەبیندرێت، بەڵام زیاتر لە تابلۆیەکی هونەری ناکات.

نەخشەسازیی ناوەوەی گۆڤار لە یازدە ژمارەی یەکەم هەروەها ژمارە (١٥، ٢١، ٢٢، ٢٣) ، لاپەڕەکان بەسەر هیچ ستوونێک دابەش نەکراون و وەک لاپەرەی کتێب داندراون، جگە لە لاپەڕەکانی تایبەت بە هەڵبەست، نەخشەسازی جیایان بۆکراوە. لە ژمارە (١٢)وە لاپەڕەکان بەسەر دوو ستوون دابەشکراون و تەواوی ژمارە (٢٣)ش سێ ستوونی بۆ داندراوە.

لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" هەموو ئەو گوتارانەی بە زنجیرە نووسراون، بە خەتی خۆش سەردێریان بۆ داندراوە، ئەوە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆر دەگمەنە و تەنیا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دوای شەستەکان جارێکی دیکە بیندرا. دانانی سەردێر بە گەورەیی بۆ گوتار و هەواڵ و ژانرەکانی دیکە ڕۆژنامەوانی، وەنەبێ هیچ خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی

هەستیان پێنەکردبێت، بەڵکو ئەکید ئەوانیش ویستوویانە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکەیان جوان و باشبێ، بەڵام ئەوان ئەو هەموو بەهرە و ئیمکانیاتەیان نەبووە، خۆشنووسی پیشە نەبووە. تاکە ڕێگا، ناردنی سەردێڕ بۆ بەغدا بووە، هەتا لەوێندەر وێنەی لەسەر بگرن و دواتر بۆ خاوەنی ڕۆژنامە یان گۆڤاری بنێرنەوە، ئەوەش لەلایەک خەرجی زیاد دەکرد، لەلایەکی دیکە هاتوچۆ لە نێوان شارەکانی کوردستان و بەغدا کارێکی ناخۆش و گرانبووە و کاتی زۆریشی ویستوە، بۆیە گۆڤاری "زارکرمانجی" بە دیزاینە جوانەکەی هەمیشە لە لوتکە دەمینێتەوە.

هەروەها وێنەی جوان و هێلکاریی جوانیش لەسەر لاپەڕەکان دەبیندرێ، کە جوانیەکی نایابی بە لاپەڕەکان داوە و خوێندنەوەی خۆش و ئاسان کردوە. مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە دابەشکردنی مەتریالیش بەسەر لاپەڕەکان زۆر سەرکەوتووبووە و ئەگەر گوتارێک لە ژمارەیەک تەواونەبووبێ، لە ژمارەی داهاتوو شوێنی بۆکردیتەوە و ئاماژەشی پێکردوە، کە پاشماوەی ژمارەی پێشترە.

هەموو ئەوانە، گۆڤاری "زارکرمانجی"یان بە نەمری لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی هێشتیتەوە، کە نزیکەی سەت ساڵ بەسەر دەرکردنی ژمارە یەکی ڕەتبووە، هێشتا جگە لە نەخشەسازیە جوانەکەی، بەشێکی زۆر لە بابەت و ناوەڕۆکی گوتارەکانیش هەنووکەیی خۆیان لەدەستنەداوە.

### -بابەتی مێژوو لە گۆڤاری "زارکرمانجی"

گۆڤاری "زارکرمانجی" یەکەم گۆڤاری سەردەمی خۆ و زۆر دواتریشە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام لە زۆربەی ژمارەکانی بابەتی مێژوویی بڵاوکردیتەوە و هەموو گوتارەکانیش لەلایەن مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خۆی نووسراون، لەوانە:

زنجیرە گوتارێک بە ناوەکانی: (دوری امارات / تأريخ سوران – ١٢ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤)) بڵاوکراینەوە، (کوهری یکانە/ مێژینی کوردان – ٤ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٥، ٦، ٧، ٨) بڵاوکراینەوە، (دوری سلطنت - ٣) لە ژمارەکانی (٩، ١٠، ١١) بڵاوکراینەوە، (سربهوردیا کورداتی - ٣) لە ژمارەکانی ٦(٤، ٢٣، ٢٤) بڵاوکراینەوە، (عکاسی و کولان – ٥ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦) بڵاوکراینەوە، (دردی دروون – ١١ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣)...هتد بڵاوکراینەوە. هەموو ئەوسەردێڕانە و زۆری دیکەش لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" بایەخی زۆریان پێدراوە و زۆر لەوان گوتاری مێژوویین و بە زمانێکی ڕوونی کوردی و ناوەرۆکێکی زۆر دەوڵەمەندیش نووسراون. مامۆستا

حوسێن حوزنی موکریانی بەوەش ناوبانگی دەرکردوە، کە یەکەم کوردە مێژووی کوردی بە زمانی کوردی نووسیوە.

### -هەواڵ و گوتار و مەنەلۆگ لە گۆڤاری "زارکرمانجی"

ئەو هەواڵانەی لە گۆڤاری "زارکرمانجی" بڵاوکراینەوە، هەموو جۆرە بابەتێکیان لەخۆگرتوە لەوانە: سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، شەڕوپێکدادانەکان، دیبلۆماسی...هتد. سەرچاوەی زۆری ئەو هەواڵانە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی العراق و وڵاتانی دەوروبەری بووە، هەروەها بەشێکی زۆر لەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە ناوەخۆی کوردستانەوە هەبووە، لەلایەن دۆست و خوێنەرانەوە بۆی ڕەوانەکراون.

زۆر لە هەواڵەکانی ناو گۆڤاری "زارکرمانجی" بە ناونیشانی: (هات و چون)، (خبری و کوڤ) لەگەڵ (همو لایک) بڵاوکراینەوە. لەناو ئەو هەواڵانە، باس لە کێشەکانی جیهان و وڵاتانی جیا کراوە، هەروەها بایەخی زۆریش بە شاری ڕواندز و کار و چالاکیەکانی ئەوێندەر دراوە، کە هەموو بوارەکان: دیبلۆماسی، سەردان و میوانەکانی بۆ ڕواندز هاتین، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، کاروباری خوێندن و ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی، فەرهەنگ...هتد لەخۆدەگرێت. بە خوێندنەوەی ئەو هەموو هەواڵانە، بە ئاسانی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فەرهەنگیی ئەوکاتی ڕواندز و دەوروبەری و پارێزگای هەولێرت بۆ ڕووندەبێتەوە.

### -گرنگیی دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" بۆ لیوای هەولێر

دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" بۆ پارێزگای هەولێر بایەخێکی یەکجار زۆری هەبوو، چونکە پێشتر هیچ ڕۆژنامە، گۆڤار لە پارێزگای هەولێر نەبوو، بۆیە بایەخ و گرنگیی دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە پارێزگای هەولێر زۆر لە دەرکردنی گۆڤارێکی ئاسایی زیاترە و دەکرێ وەک قوتابخانەیەک بۆ قوتابیانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی نووسەر و کادرانی ڕۆژنامەنووس سەیربکرێ، هەروەها بۆ توێژەرانیش سەرچاوەیەکی بەهادارە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی ژمارەکان، بە ئاسانی لە کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕەوشی سیاسی و فەرهەنگی ئەو سەردەمی کورد و کوردستان تێبگەن. جگە لەوانەی سەرەوە، لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە، دەبێت لێرە ئاماژەی پێبکرێ، ئەگەر مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە پارێزگای هەولێر و لە ڕواندز لە ساڵی ١٩٢٦ دەرنەکردبا، پارێزگای هەولێر لە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە تا شەستەکان دوادەکەوت، چونکە گۆڤاری "روناکی"، کە یازدە ژمارەی لەناو شاری هەولێر لە

ساڵی ١٩٣٥ لێ چاپکرا، دیسان هەر لە لایەن مامۆستا حوسێن حوزنی و لە چاپخانەکەی ئەو چاپکرا و هەر خۆشی، زۆربەی بابەتەکانی ناوی دەنووسی. لەوکات هیچ بەدوور نازانڕێ لەو ناوەندە ڕۆژنامەی "هەولێر"یش، کە ژمارە (١)ی لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٥٠ و دوا ژمارەشی (١٤٠) لە ٢٨ دیسێمبەری ١٩٥٣ دەرنەچووبا و ئەکید مامۆستا گیوی موکریانیش (١٨٧) ژمارەی لە گۆڤاری "هەتاو" (١٥ی مایسی ١٩٥٤ – ١٥ی تەموزی ١٩٦٠) دەرنەدەکرد، چونکە مامۆستا گیوی موکریانی لەلایەک مودیری ئیدارەی گۆڤاری "زارکرمانجی" بووە و لە برا گەورەی فێری پیشەی نووسین و ڕۆژنامەنووسی بوو. لەلایەکی دیکە، پیشەی چاپ و چاپچییتی لە براگەورەی فێربووە و ئەو سەرمایە و میراتە فەرهەنگیە گەورەی، لە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بۆ مایەوە و لەسەر خەبات و ڕێبازی ئەو بەردەوامبووە.

پاش ئەو کورتە مێژووە دەردەکەوی، ئەگەر مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی یەکەم گۆڤاری لە پارێزگای هەولێر لە ڕواندز لە ساڵی ١٩٢٦ دەرنەکردبا، هەولێر لە ڕۆژنامەگەری بەلای کەم چل ساڵ دوادەکەوت و لە لایەنێکی زۆر گرنگی فەرهەنگی بەجێدەما و کاریگەریی نەرێنی لەسەر بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و پارێزگای هەولێر بە تایبەتی دەبوو، چونکە گۆڤاری "زارکرمانجی" گۆڤارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو گۆڤارێکە، لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆر دەگمەنە و بە ناوەڕۆک و بە دیزاین بە یەک لە گۆڤارە هەرە باشەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەندرێت.

## – کاریگەریی گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر و پێشخستنی ڕەوشی فەرهەنگی لە پارێزگای هەولێر

پێش دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" هێچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەک یان هەتا چاپخانە لە شار و پارێزگای هەولێر نەبووە، بۆیە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەگەر مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری ڕواندز دەرنەکردبا، ئەکید شاری هەولێر و هاوڵاتیانی پارێزگاکە، لەو ڕەوشە فەرهەنگیە زۆر دوادەکەوتن و یەکەم ڕۆژنامە یان گۆڤار و بڵاوکراوە لە سەرەتای شەستەکان دەستی پێدەکرد.

دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، بە دیوەکەی دیکە، دەکاتە ئاشناکردن و لێڕاهێنانی خەڵک بە خوێندن و خوێندنەوە، هاندانی گەنجان بە نووسینی گوتار و شیعر، بێبەشنەکردنی دانیشتوان لە هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکانی ناوخۆ و کوردستانی و جیهانی...هتد، هەروەها کردنەوەی دەرگایەک بۆ ئەوانەی لەدوای مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بەو کارە هەڵدەستن، فێربن،

دەبێت چ بابەتێک لە گۆڤارەکەیان بڵاوبکەنەوە، چۆن ڕێز لە ئەخلاقیاتی ڕاگەیاندن بگیرێت و لاپەڕەکانی گۆڤار یان ڕۆژنامە بۆ چ بابەتێک تەرخانبکرێ.

جگە لەوانە، ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی داهاتوو گۆڤارێکیان هەیە، بەرهەمەکانی خۆیانی لەگەڵ بەراورد بکەن و چۆنیش ڕێز لە خوێنەرانیان بگرن و پەرە بە زمانی کوردی بدەن و کێشەی هاوڵاتیان بۆ دەستەڵات بگوازنەوە و لە کەموکورتیی پارێزگا، سەرووی خۆیان ئاگاداربکەنەوە.

ئەوانەی سەرەوە بۆ دەرکردنی گۆڤار یان ڕۆژنامە زۆر گرنگن، بۆیە ئەگەر گۆڤاری "زارکرمانجی" لەکاتی خۆی دەرنەچووبا، بەدڵنیاییەوە خەڵکی هەولێر لەوانە بێبەش دەبوون، بێشک زۆر لەو نووسەرانەی ئێستا جوان دەنووسن، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی ئەو مەدرەسە جوانەی هەردووک برایان (حوسێن حوزنی و مامۆستا گیوی موکریانی)یان لەسەرە و پێوەدیارە. ئەوان یەکەم کەسن، گۆڤاری کوردییان بە زمانی کوردی لە شاری هەولێر دەرکرد و بە سێ گۆڤاری بە ناوەڕۆک دەوڵەمەند، بە دیزاین زۆر جوان، بناغەیەکی مەزن و پتەویان بۆ ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێر دانا، ڕۆڵ و کاریگەریی ئەوان و شاگردانی ئەوان نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێت و ڕۆژنامەگەریی کوردیشیان بۆ ئاستێکی بەرز و قۆناغێکی گەشاوە برد.

**ئەنجامەکان**

لە دوو ساڵی داهاتوو (٢٠٢٦) پارێزگای هەولێر یادی سەت ساڵەی دەرکردنی یەکەم گۆڤاری خۆی بە ناوی: "زارکرمانجی" دەکاتەوە. هەرچەندە پارێزگای هەولێر لە یەکەم چاپەمەنیی خۆی (٨) ساڵ و لەناو شاری هەولێریش (١٧) ساڵ لە دەرکردنی گۆڤار لەدوای شاری سلێمانی دێت، بەڵام ئەو بۆشاییە قەت نەبیندرا، چونکە هەردووک گۆڤار "زارکرمانجی" و "ڕوناکی" بە ناوەڕۆکێکی زۆر تێر و نەخشەسازی زۆر جوان هاتنە مەیدان و بناغەیەکی زۆر پتەویان بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی و ڕۆژنامەگەریی پارێزگای هەولێریش بە تایبەتی دانا.

جێگای داخە، لە نزیکەی سەت ساڵی ڕابردوو، نووسەرێک، توێژەرێک لەناو کورد هەڵنەکەوت، هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ گۆڤاری "زارکرمانجی" بکات و لە کتێبێک ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە بەرز و دەوڵەمەندە بۆ خوێنەرانی کورد بناسێنێت و شیبکاتەوە، باس لە خاڵە جوان و تێرەکانی بکات، لەسەر ناوەڕۆک و دیزاین و لایەنی ئەخلاقی و کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری، زمانی کوردی، لایەنی فەرهەنگی بوارەکانی دیکەی تێبینیی خۆی بنووسێت، هەتا

ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کورد سوودی لێوەربگرن، لە ناوەندەکانی ئەکادیمیش بخوێندرێت و لێیەوە فێربن.

بێگومان ئەوە خاڵێکی لاوازی توێژەرانی کوردە، کە نەیانتوانیوە، سوود لە مێژوو، سوود لە ئەزموونی زۆری ئەو کەڵە ڕۆژنامەنووسانەی وەک: مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی، پیرەمێر، شێخ نوری شیخ سالح، رەفیق حیلمی...هتد وەربگرن، بۆیە ڕاگەیاندنی کوردی لەو میراتە جوانە جارێ بێبەشبووە، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشیە، لەو سی ساڵەی حوکمڕانیی کوردی، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێشتر جارێکی دیکە چاپکرانەوە و لە فەوتان ڕزگاریان بووە، کە توێژەران لەمەودوا، بە ئاسانی دەستیان پێدەگات و دەتوانن لە داهاتوو کاریان لەسەر بکەن.

لە ئەنجامی کارکردن لەسەر ئەو توێژینەوەیە، گەیشتینە ئەو بڕوایەی، کە گۆڤاری "زارکرمانجی" بە ناوەڕۆک زۆر دەوڵەمەندترە، لەوەی زۆرینەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لێی تێگەیشتوون، هەروەها نەخشەسازیەکی زۆر جوان و باشی بۆکراوە، هەتا ئێستا، لە جوانیدا ڕکابەری نییە و زۆر دەگمەنە. جگە لەوانەی سەرەوە، کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و مێژوویی تێدا بڵاوکرایەتەوە، کە جاری یەکەمە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری ئاماژەیان پێدەکرێت. هەر لەو گۆڤارەش، خشتێکی پتەو بۆ بناغەی زمانی ڕۆژنامەگەریی کوردی داندراوە و کۆمەڵێک وشە بۆ جاری یەکەم وەک بۆ نموونە "پێشمەرگە" لێرە و لە ساڵێ ١٩٢٦ بەکارهاتوە.

## لیستی سەرچاوەکان


### کتێب بە زمانی کوردی

- موکریانی کوردستان د.، زار کرمانجی، (چاپی یەکەم)، هەولێر ٢٠٠٢.
- مەغدید سەپان د.، ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانی، (بەرگی یەکەم و دووەم)، کەرکوک، ٢٠١٢
- نەجاتی عەبدولا د. مێژوو و کورد و کوردناسی. وەرگێڕان لە فرەنسییەوە. ئەکادێمیای کوردی. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤

### کتێب بە زمانی ئینگلیزی و سویدی:

- Donald Jackson. Skrivkonstens Historia. Hongkong, 1987.
- Fredric Bagge. Grafisk industri. Stockholm ،1940

- Hans Sallander. Medeltidens boktryckerihistoria. Uppsala, 1959
- Hamilton A. M. Road through Kurdistan – The Narrative of an Engineer in Iraq, London, 1958
- Nielsen L. Chr., Boktryckerikonstens uppfinning. Malmö, 1900
- Sören Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm, 1985


**کتێب بە زمانی عەرەبی:**


- احمد محمد احمد د. اكراد الدولة العثمانية تاريخهم الاجتماعي والاقتصادي والسياسي (١٨٨٠-١٩٢٢)، دار سبيرس للطباعة والنشر. دهوك، ٢٠٠٩.
- خليل صابات، دكتور. تاريخ الطباعة في الشرق العربي. الطبعة الثانية. دار المعرفة، ١٩٦٦.
- درية عوني، محمود زايد، مصطفى عوض. الاكراد في مصر عبر العصور. الطبعة الاولى، القاهره، ٢٠١١.
- محمد طاهر بن عبدالقادر المكي الخطاط. تاريخ الخط العربي وآدابه. المطابع التجارية. مصر. ١٩٣٩.
- وليد سيد حسنين محمد، الدكتور. فن الخط العربي/ المدرسة العثمانية. الهيئة المصرية العامة للكتاب. القاهرة، ٢٠١٥
- گۆڤار و ڕۆژنامە
- هەموو ژمارەکانی گۆڤاری "زارکرمانجی". (٢٤) ژمارە
- هەموو ژمارەکانی گۆڤاری "ڕوناکی" (١١) ژمارە
- هەموو ژمارەکانی گۆڤاری "هەتاو" (١٨٧) ژمارە


**ماڵپەڕی ئیلیکترۆنی:**


- https://hijri-calendar.com/convert/
- https://lexicography.online/etymology/б/басня ?

## دور مجلة (زاركرمانجي) في تطوير الصحافة الكوردية في محافظة اربيل (١٩٢٦-١٩٣٢)


## ملخص البحث

صدرت مابين عامي ١٩٢٦ - ١٩٣٢ ( ٢٤ ) عددا من مجلة "زاركرمانجي" في رواندز، وكانت أول مجلة كردية في محافظة أربيل و واحدة من أغنى المجلات الكوردية مضمونا التي صدرت باللغة الكوردية قبل انتفاضة عام ١٩٩١. بالطبع، صدرت مجلات أخرى في كوردستان خلال هذه الفترة، لكن لم يفتح أحد مثل حسين حُزني موكرياني الباب أمام القضايا التي لا تزال ضرورية جداً لكوردستان، بما في ذلك: التعليم باللغة الكوردية، فتح المدارس في قرى كوردستان، الاهتمام بالشأن الثقافي، كتابة التاريخ باللغة الكوردية، وتوعية المجتمع من القمع والخضوع، والنضال من أجل مجتمع متساوٍ ومتعلم، وما إلى ذلك.

قبل هذه الفترة لم يكن هناك في أربيل نماذج يساعد حسين حُزني بالاعتماد عليه وتقليده في نشر مجلته، مع ذلك أن ما يُشاهد ويُقرأ في "زاركرمانجي" هو ان أغلب المواضيع كانت نادرة وجديدة وابداعية ، ليس فقط في صحافة محافظة أربيل، بل في تاريخ الصحافة الكوردية.

أحد الأسباب الأكثر وضوحًا لبقاء "زاركرمانجي" على هذا المستوى العالي في نظر القراء والخبراء هو تصميم المجلة، إضافة إلى تصميم الغلاف قام الاستاذ حسين حُزني موكرياني، بكتابة العديد من العناوين بخط يده و وضعها على المقالات والأشعار والمواضيع، و إذا كانت هناك حاجة إلى رسم أو نمط أو صورة في مكان ما، فكان هو يصنعها بيديه، ويعدها لتزين المجلة.

هناك حقيقة يجب ان يقال، في تاريخ الصحافة الكوردية، لم يكن هناك كوردي يتمتع بخبرة كبيرة في عدد المهن مثل حسين حُزني موكرياني، فقد كان بارعا في العديد من المهن منها: الكتابة والشعر والرواية والتحرير وكتابة التاريخ والصحافة والطباعة والحفر على الخشب والتصوير الفوتوغرافي. كما قال هاميلتون، إنه كتب مقالاته وأخباره بنفسه، ورتب الرسائل، وطبعها، وقطعها، وأدخلها في مجلته، ونشرها بين الناس وارسلها إلى الباحثين الكورد في الخارج، لذا كان مثالا وحالة نادرة جدًا وفريدة من نوعها ليس بين الكورد فقط بل في العالم أجمع.

تعد هذه الدراسة هي الأولى التي تكتب في هذا المجال بعنوان: (دور مجلة "زاركرمانجي") في تطوير الصحافة الكوردية في محافظة أربيل (١٩٢٦ - ١٩٣٢)، وبلا شك ومع الاسف فان مجلة "زاركرمانجي" مع انها كانت غنية من ناحية المضمون و التصميم الرائع، لم يتمكن الكورد من البحث وتأليف الكتب وتحليل محتويات هذه المجلة حتى يتمكن الجيل الجديد من الاستفادة من تجربة الاستاذ حسين حزني موكرياني الجميلة والغنية.

في هذا البحث تمت وبشكل دقيق ومختصر دراسة المحتوى والتصميم للمجلة ودعم ومساعدة السيد طه أفندي (حاكم رواندز ١٩٢٣ - ١٩٢٨) لها، بالإضافة إلى مشاكل تأخير إصدار مجلة "زاركرمانجي" بالتفصيل. اضافة الى ما سبق، تم مناقشة دور وأهمية مجلة "زاركرمانجي" في تطوير الصحافة الكوردية بشكل عام ومحافظة اربيل بشكل خاص.